# التهجير القسري للأرمن إلى جنوب كردستان (١٩١٥-١٩٢٣)

**الباحث الأول:** م. م. شوان أحمد بابير
**الشهادة:** ماجستير في التاريخ الحديث والمعاصر.
**مكان العمل:** جامعة سوران، كلية الآداب، قسم الدراسات الاستراتيجية التاريخية والآثارية والثقافية.
Shwan.Bapir@soran.edu.iq

**الباحث الثاني:** رزگار علي عبدالرحمن
**الشهادة:** بكالوريوس في التاريخ الحديث والمعاصر
**مكان العمل:** وزارة التربية، المديرية العامة لتربية سوران.
rizgar.kurdy995@gmail.com

**الكلمات المفتاحية:** الأرمن، الهجرة، جنوب كوردستان, الهجير , القسر

**كيفية اقتباس البحث**
بابير , شوان أحمد , رزگار علي عبدالرحمن , التهجير القسري للأرمن إلى جنوب كردستان (١٩١٥-١٩٢٣),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Armenians Forceful Migration to the South of Kurdistan (1915- 1923)

**Researcher 1: Shwan Ahmed Babir**
**Degree: Master's in Modern and Contemporary History**

**Workplace: University of Soran, College of Arts, Department of Strategic, Historical, Archaeological, and Cultural Studies**
**Email: Shwan.Bapir@soran.edu.iq**

**Researcher 2: Rizgar Ali Abdulrahman**
**Degree: Bachelor's in Modern and Contemporary History**
**Workplace: Ministry of Education, Soran Directorate General of Education**
**rizgar.kurdy995@gmail.com**

**Keywords** : Armenians, Migration, Southern Kurdistan , The heat, the coercion

**How To Cite This Article**
Babir , Shwan Ahmed ,Rizgar Ali Abdulrahman ,Armenians Forceful Migration to the South of Kurdistan (1915- 1923) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
The Forced Displacement of Armenians to Southern Kurdistan (1915–1923) The relationship between Kurds and Armenians is profoundly historical, rooted in their long-standing coexistence within Mesopotamia. Over time, frequent migrations between regions under their respective influences fostered multifaceted interactions between the two communities. This stable relationship persisted until the late 19th century. However, during that period, Sultan Abdul Hamid II incited discord between Kurds and Armenians, particularly following the establishment of the "Hamidiye Cavalry," which marked the onset of

visible conflict. This situation led to waves of mutual migration in the border regions of both nations. Nevertheless, these circumstances did not entirely sever human ties; instead, many Kurds and Armenians maintained mutual sympathy and solidarity, driven by their enduring historical bonds. This research examines the causes and consequences of Armenian migration, specifically between 1915 and 1923, toward Kurdish territories and primarily toward Southern Kurdistan. The study adopts an analytical historical methodology, relying on a range of primary sources, including documents, memoirs, and reputable historical records. The research concludes that Armenian migration reached its peak during the years 1915–1923, extending into Kurdish regions and Southern Kurdistan in particular. This resulted in the settlement of a significant number of Armenians in these areas, as they were provided with shelter and protection by various Kurdish tribal leaders and prominent figures.

## ملخص

تعتبر العلاقة بين الكرد والأرمن علاقة تاريخية عريقة، حيث تعايش الطرفان معاً في بلاد ما بين النهرين (ميزوبوتاميا)، وشهدت هذه العلاقة هجرات متبادلة عديدة نحو المناطق الخاضعة لنفوذ الطرفين، مما أدى إلى حدوث تداخل وتفاعل متعدد الجوانب بينهما. استمرت هذه الروابط بشكل مستقر حتى نهاية القرن التاسع عشر، حينما قام السلطان عبد الحميد الثاني بإثارة الخلافات والنزاعات بين الكرد والأرمن، لا سيما بعد تأسيس "الخيالة الحميدية"، ومن هنا بدأت ملامح الصراع تظهر للعيان.

أدى ذلك إلى موجات هجرة متبادلة في المناطق الحدودية بين القوميتين، ومع ذلك، لم تنهِ هذه الظروف الروابط الإنسانية بشكل كامل، بل ظلَّ هناك تعاطف وتضامن بين الكثير من الكورد والأرمن مدفوعاً بمتانة العلاقات التاريخية القديمة. يسعى هذا البحث إلى تسليط الضوء على الأسباب والنتائج الكامنة وراء هجرة الأرمن تحديداً في الفترة ما بين (١٩١٥–١٩٢٣) نحو المناطق الكردية، وبشكل أخص صوب جنوب كردستان.

يعتمد البحث على المنهج التحليلي التاريخي، مستنداً إلى مجموعة من المصادر التاريخية الرصينة التي تشمل: الوثائق، والمذكرات، والمصادر التاريخية الرصينة. ويحاول الدراسة التوصل الى ان هجرة الأرمن وصلت إلى ذروتها خلال الأعوام (١٩١٥–١٩٢٣)، حيث شملت المناطق الكوردستانية و جنوب كوردستان تحديداً، مما أدى إلى استقرار أعداد من المكون الأرمني في تلك المناطق نتيجة الحماية والإيواء التي قُدِّمت لهم من قبل العديد من رؤساء العشائر والشخصيات الكردية.

# ڕاگواستنی زۆرەملێی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان (١٩١٥_١٩٢٣)

توێژەری یەکەم: م.م. شوان احمد بابیر
بڕوانامە: ماستەر لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخ
شوێنی کار: زانکۆی سۆران، کۆلێژی ئاداب، بەشی ستراتیجی، مێژوویی، شوێنەوار، و ڕۆشنبیری
مۆبایل: ٠٧٥٠٧٤١٣٠٠٤
ئیمەیڵ: Shwan.Bapir@soran.edu.iq

توێژەری دووەم: ڕزگار عەلی عەبدولڕەحمان
بڕوانامە: بەکالۆریۆس لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخ
شوێنی کار: وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سۆران
مۆبایل: ٠٧٥١١٢٧٢٧١٨
ئیمەیڵ: rizgar.kurdy995@gmail.com

## پوختە

پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن پەیوەندیێکی دیرۆکییە، بەو پێیەی هەردوو لایەن پێکەوە لە میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو ڕووباران)دا ژیاون، چەندین جار کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی ژێردە دەسەڵاتی یەکتری. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تێکەڵ بوونێکی فرە لایانە هەبووبێت لە نێوانیاندا. ئەم پەیوەندیە بەردەوامی هەبووە تاوەکو کۆتای سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام لەکۆتی سەدەی نۆزدەهەم سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەستا بە دروست کردنی ناکۆکی لەنێوان کورد و ئەرمەن بەتایبەتی دوای دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە. لێرەوە ناکۆکی کورد و ئەرمەن دەستی پێکرد. ئەمەش بووە هۆی کۆچێکی دوولایەنە لەناوچە هاوسنوریەکانی هەردوو نەتەوە، بەڵام ئەمە تەواوی پەیوەندی کورد و ئەرمەنی تێک نەدا بەڵکوو زۆرێک لە کورد و ئەرمەن هاوسۆز بوون بۆ یەکتر بەهۆی کاریگەری پەیوەندی لە مێژینەی نێوانیان. ئەم توێژینەوە هەوڵ ئەدات لە هۆکارەکان و لێکەوتەکانی پشت کۆچی ئەرمەنەکان بەدیاری کراوی لەنێوان ساڵانی (١٩١٥_١٩٢٣) بکۆڵێتەوە. بۆ ناوچە کورد نشینەکان بەتایبەتی بۆ باشووری کوردستان. ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بەڕێبازی شیکاری مێژوویی بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژوویەکان کەوا خۆی دەبینێتەوە لە بەڵگەنامەکان، یاداشتەکان و سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان. لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەماندا ئەمە بەدەردەکەوێت کەوا کۆچی ئەرمەن لە ساڵی (١٩١٥_١٩٢٣) گەیشت بە لوتکە . ناوچە کوردستانیەکانیشی گرتەوە بەتایبەتی باشووری کوردستان، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ڕێژەیەک لە نەتەوەی ئەرمەن کۆچ بکەن بۆ باشووری کوردستان و تێیدا نیشتەجێببن. بەهۆی داڵدەدانی چەند سەرۆک هۆز و کەسایەتییە کوردەکان.

**کلیلی وشەکان:** ئەرمەن، کۆچ، باشووری کوردستان.

## پێشەکی

ئەرمەن وەک نەتەوەیەکی دێرین لە ناوچە جیاوازەکانیدا هاوسێی کوردەکان بوونە و هاودەم بەهۆی هەڵکەوتی جیۆگرافی لەتەک سنوورەکانی هەریەکە لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا ڕووبەڕووی زۆرێک لە دەردەسەری و تەنگوچەڵەمە هاتوونە، کردارە توند ئاژۆکان دەرهەق

بەنەتەوەیی ئەرمەن لەهەندێک باردا کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتە سەر ئاڕاستە و ڕێڕەوی ژیانیان و چارەنووسیان بەرەو ڕێڕەوێکی ناهەموار ڕۆیشتووە، کوردەکان وەک هاوسێیەکی بێکێشە لەتەک ئەرمەنەکان ژیاون تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی١٩هەم، بەریەککەوتن لەگەڵ ئەرمەنەکان دەهێتەکایەوە، بەدیاریکراویش لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕووداوەکانی سوارەی حەمیدیە، شایەنی باسە لەگەڵ بەرپابوونی یەکەم جەنگی جیهانی و بەریەککەوتنی سەربازی نێوان عوسمانییەکان و ڕووسیای قەیسەری، ئیتر عوسمانییەکان وەک هاوپەیمانی ڕووسەکان لە ئەرمەنییەکانی دەڕوانی بەتایبەتی لەناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ و ئەرمەنییەکانی سنووری ڕووسیا، ئەوەش سەری کێشا بۆ بڕیاری کۆکوژی ئەرمەنەکان و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، پاشانیش زۆرێک لە ئەرمەنەکان ناوچەی باشووری کوردستانیان وەک ناوچەیەکی ئارام بەهەل زانی و ڕوویان لەناوچەکانی خاکی کوردانکرد.

**گرنگی توێژینەوە:** ئەرمەنەکان وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی لێیان ئەڕواندرێت لەکاتی ئێستادا، بۆ ئەوەی ئەوە بەدەربخەیەن، کە ئەم ئەرمەنانە لە چی ماوەیەکی مێژوویدا ڕوویان لە باشووری کوردستانکردووە و گرنگی باشووری کوردستان وەک پەناگەیەکی ئارام لە دیدی ئەرمەنەکانەوە وەک هۆکارێک دەبیندرێت لە کۆچکردننیان لەماوەی ساڵانی ١٩١٥- ١٩٢٣دا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی هۆکارە دیار و بەرچاوەکانی کۆچی نەتەوەی ئەرمەنە بۆ باشووری کوردستان، هەروەتر دەرخستنی ئاستی گیانی هاوکاری لەنێو کورددا، وەک هەوڵێک بۆ لە خۆگرتنی کەسانی لێقەوماو لەنێوانیشیاندا ئەرمەنەکان کە ڕووبەڕووی هەوڵی قڕکردن ببوونەوە لەنێو سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا.

پرسیاری توێژینەوە: لە میانی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێت دەریبخەین کە هۆکاری کۆچی ئەرمەن بۆ باشووری کوردستان لەسەر چ بنەمایەک بووە؟ ئایا کۆچکردنەکەیان هەڕەمەکی بووە، یاخود پلان بۆ دارێژراوبوو؟ تا چەندە هەلومەرجە سیاسی و دۆخی کۆمەڵایەتی کورد لە باشووردا لەباربوون بۆ لەخۆگرتنی کۆچبەرە ئەرمەنییەکان؟

**ڕێبازەکانی توێژینەوە:** لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی- شیکاری بە پشتبەستن بە ژێدرە بەردەستەکان بەکارهاتووە، بۆئەوەی دەرئەنجامێکی پوخت و ڕاستمان بۆ بەردەست بخرێت.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو تەوەرە دەدۆزێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا ئاوڕی لە پێوەندی نێوان کورد و ئەرمەنییەکان لەنێوان ساڵانی ١٨٥٣ – ١٩١٥ داوەتەوە، کە پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە بە چەند قۆناغێکی هەڵبەزو دابەز گوزەری کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا تیشک خراوەتەسەر هۆکارەکانی کۆچی ئەرمەن بۆ باشووری کوردستان، کە خۆی لە چەند هۆکارێکدا دەدۆزێتەوە لەوانە: هۆکاری جەنگ، جوگرافی، ئاینی، نەتەوەیی، نێودەوڵەتی، هەریەکە لەم هۆکارە بەهەند وەرگیراون لە دیاریکردنی کۆچی ئەرمەنەکان بۆ باشووری کوردستان، نەخشە ڕێگای کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان، کە تەنها یەک ڕێگای دیاریکراو نەبوو، بەڵکو چەندین ڕێڕەوی جیاوازبوون، کە بەپێی بارودۆخی جەنگ و شوێنی جوگرافیی شارە ئەرمەنییەکان دەگۆڕان. زۆربەی ئەم کۆچانە لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ بۆ ١٩٢٣ ڕوویاندابوو، هاوکات بەشێکی دیکە لە پێکهێنەری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵوێستی کورد لە باشووری کوردستان بەرامبەر کۆچبەر و ڕزگاربووان، هێما بۆ ئەوەکراوە کە سەرکردە





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کوردەکان و هۆزە کوردییەکانیش ڕۆڵی ئەرێنییان هەبووە لە لە خۆگرتن و پاراستنی ژیانی ئەرمەنەکان. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند خاڵێک هەوڵدراوە، کە دەرئەنجامە بەدستهاتووەکان بخرێنەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم: پێوەندی نێوان کورد و ئەرمەنییەکان لەنێوان ساڵانی ١٨٥٣ – ١٩١٥:**

هەریەکە لە گەلی ئەرمەن و کورد بە دوو گەلی دێرینی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و لە ڕووی جوگرافییەوە سەرباری ئەوەی دراوسێن لەگەڵێک ناوچەدا شار و گوندەکانیان تێکەڵ بووە، لە چەند ڕووداوێکی مێژووییشدا چارەنووسی هاوشێوەیان هەبووە، بۆ نموونە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان بەشێکی زۆری جەنگەکان لەسەر خاکی ئەم دوو گەلە بەڕێوەچوونە، بۆ نموونە لەماوەی فەرمانڕەوایەتی سەوفەوییەکان بە دیاریکراوی لەسەردەمی شا عەباسی سەفەوی، ئەرمەنەکانی لەسەر زێدی خۆیانیان ڕاگواستە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، بەهەمان چەشن کوردەکانیشی ڕاگوستن بەرەو ناوچەکانی خوراسان لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا، ئەم نموونانە لە قۆناغەکانی دواتر لە سەدەی بیستەمدا دووبارە بوونەتەوە بە شێواز و پێودانگی جیاوازەوە (ڕۆژە، ٢٠٠٨: ١٣٥).

ئەرمەنەکان سێزدە سەدەبوو لەنێوان هەریەکە لە ڕەگەزەکانی (تورک، عەرەب، چەرکەس، کورد)، وەک هاونیشتیمانی تەواو دەژیان و کڵێسە، قوتابخانە و دەستوری نەتەوەیی و ئازادییەکی ڕەهایان لە جێبەجێکردنی سروتە ئاینییەکانی خۆیان هەبوو، ئەگەر بێتوو بەراوردیان بکەین بە وڵاتانی ئەوروپی لە ژمارەیەکی زۆر لەو مافانە بێبەشبوون، بۆنموونە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیایی قەیسەری، کە خۆی بە داکۆکیکاری ئەرمەنەکان هەژماردەکرد، کەچی دەرگای قوتابخانەکانی بەڕوودا داخستن، زمانی فەرمییان لێ قەدەغەکردن، هەروەک دەستی بەسەر موڵکەکان و کڵێساکانیشیاندا گرتبوو (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد، ٢٠٠٩: ١٦)، کوردەکان و ئەرمەنەکان بەدرێژایی چەندین سەدە وەک دوو هاوسێ بەیەکەوە ژیاون و پێوەندییەکانیان بەریەککەوتنی نەبووە، هەتاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم (شەمێرانی، ٢٠١٤: ١٥)، عوسمانییەکان سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی زۆربەی ناکۆکییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ناکۆکیی ئایینی لە نێوان مەسیحییەکان و موسڵمانانندا بۆ ماوەیەکی درێژ، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم. هەروەها سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەنای بۆ سیاسەتێک برد کە ئەرمەنییەکان پاڵ پێوە بنێت بۆ شۆڕش، ئەوەش دوای بڵاوبوونەوەی باجگرە دڵڕەقەکان کە ناڕەزایەتیی ئەرمەنییەکانیان زیاد کرد، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو لە شۆڕشەکانیاندا، ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە زۆرجار ئەرمەنییەکانیان بەرەو پێکدادان لەگەڵ کوردەکاندا دەبرد، بەم شێوەیەش ئەم ناکۆکییە گۆڕا بۆ ململانێیەک کە شوێنەواری نەرێنی لە ناوچەی ئەنادۆڵدا بەجێهێشت و بووە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ کۆچی ئەرمەنییەکان لە نیشتمانی خۆیان، ئەرمەنییەکان دەستیان کرد بە کۆچکردن بەرەو ئەرمینیای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی دیکەی جیهان، لەبەر ئەوە فاکتەری دەرەکی جگە لە سیاسەتی دەسەڵاتی عوسمانی، کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە نانەوەی کێشە لە نێوان نەتەوە و ئەتنیکەکانی ئەنادۆڵدا، ئەم ناکۆکییە بووە هۆی دەستوەردانی هێزە زلهێزەکان لە ململانێکاندا، ئەمەش ناسەقامگیریی بارودۆخەکە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیەی زیاتر کرد (البيضاني، ٢٠٢١: ٦٢). بەڵام دەبێت هەوڵە پێکەوەییەکانی کورد و ئەرمەنیش نادیدە نەگرین، هەروەک لە ساڵانی ١٨٠٠بەرەو سەرەوەدا، ئەرمەنییەکان بەشدارییان لەو ڕاپەڕینە کوردییانەدا کردووە کە لەو ناوچەیەی بە کوردستان دەناسرا سەریان هەڵدا و لەلایەن هێزی سەربازیی

عوسمانییەوە سەرکوت کران (Kirca: 2017,25)، لە بارەی ئەو هەماهەنگیەی نێوان کورد و ئەرمەن ئەگەر سەیری جوڵانەوەی یەزدان شێر بکەین لە ڕۆژگاری جەنگی قرمدا ١٨٥٣-١٨٥٦، ئەوا یەزدان شێر نارەزایی دانیشتوانی بەهەل زانی ئەو دروشمەی هەڵیگرتبوو لە ژێر ناوی ''نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوماندا''، لە لایەن کوردەکانی (هەکاری، بۆتان، بۆکاتا)و ناوچەکانی دیکەی کوردی پشتگیری کرا، هاودەم ئەرمەنی، ئاشووری و گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا پشتگیریان لێکرد، کە ئەم یەکگرتووی گەلە چەوساوەکانی ژێردەستی عوسمانی بووەهۆی خێرایی تەشەسەندنی جوڵانەوەکەی یەزدان شێر (خەلفین، ٢٠١٧: ٨٩). بەگوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەر دەیڤد ماکداوڵ بوونی کۆمەڵی ئەرمەنی بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردان مەترسییەکی ڕژدی بوو، هەروەک شەڕی ساڵانی ١٨٧٧ -١٨٧٨، کە پەیمانی بەرلینی لێکەوتەوە، بەوپێودانگە دەوڵەتانی ئەوروپایی بەیەکەوە داوای پاراستنی کۆمەڵی ئەرمەنییان کردبوو، بەگوێرەی ماددەی (٦)، ئەوەش وەک یەکەمین هەنگاوی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی ئەرمەنی لێ دەخوێندرێتەوە، بەریتانیا بۆ نەهێشتنی هەرجۆرە بیانوێکی ڕووسیای قەیسەری، کە ئازارو ئەشکەنجەدانی ئەرمەنییەکانی دەکردە بیانووەک بۆ خۆتێهەڵقورتاندن، بۆیەشە لە ڕیفۆرمەکانی عوسمانی و پشتیوانییەکی شایستەی ئەرمەنییەکان نیگەران بوو، بەڵام سەر ئەنجام گوشاری ئەوروپییەکان لە ناوچەکەدا بێ کاریگەر نەبوو (ماکداوڵ، ٢٠١٩: ٩٩ - ١٠٠).

یەکێکی دیکە لە هەماهەنگی و بەشداری ئەرمەنەکان لە جوڵانەوەکانی کوردی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ئەوا خۆی ئەدۆزێتەوە لە شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری، لە تەمموزی ١٨٨٠دا لەکاتی کۆبوونەوەی سەرانی خێڵەکوردییەکان، هەندێک لە سەرۆک خێڵەکوردییەکان مەسەلەی لێدانی ئەرمەنیان هێنایە پێش بەڵام شێخ بەتەواوی ئەم بیرۆکەی ڕەتکردەوە بە ئاشکرا پێی گوتن: ''لێدانی ئەرمەن وا دەکات لە ئایندەدا ببنە پارویەکی سانا لەبەردەم دوژمنەکانماندا''، بەوە هەموو لایەنگرانی لێدانی ئەرمەنی بێهودە کرد و دەوڵەتی عوسمانی بە ئاشکرا حەزی دەکرد کوردەکان بکەونە گیانی ئەرمەنەکان بۆیە شێخ دەڵێت: ''تورکەکان دەیانەوێ ئێمەی کورد بکەوینە چەوساندنەوەی برا مەسیحییەکانمان، ئینجا سبەی کە لەم کارە دەبینەوە، ئەوان دەکەونە گیانمان'' (عەلیاوەیی، ٢٠١١: ١٢٢، ١٢٣)، هەوڵی دا کە نەک تەنها کوردەکان ڕێک بخات، بەڵکو ویستی نەتەوەی ئەرمەنی و نەستووریەکانیش لەمەدا بەشدار بکات، بۆیە دوای لە مارشەمعون و گەورەی ئەرمەنییەکان کرد، کە پێکەوە دژی سیاسەتی خراپی تورکیا بجەنگن و بەڵێنی پارێزراوی مافی ئاینیان پێدرا، هەروەک لە بەشداری نەستووریەکان لە جوڵانەوەکەدا بەدەردەکەویت، کە مار شەمعون بە پێشنیارەکەی شێخ عوبێدوڵا ڕازی بووبێت، هەروەک ''کلێیتۆن''ی نوێنەری ئینگلیز لە کوردستاندا دەڵێت: ''نەستووریەکانی شەمدینان بڕیاریاندا یارمەتی شێخ بدەن'' (خەلفین، ٢٠١٧: ١٤٨).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەریەککەوتنی کورد و ئەرمەن دێتەئاراوە، بەو پێودانگەی دەوڵەتی عوسمانی لە جموجۆڵ و هاوئاهەنگی نێوان ڕەگەزە نارازییەکانی دەم سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی ئاگاداربوو، بزاوتە شۆڕشگێڕییەکانی کورد و ئەرمەن ئەگەرچی بە ڕواڵەت دژ و نەیاربوون، بەڵام لە زەمینە و بارودۆخێکی تایبەتدا دەشا بە یەکگرتوویی ببنە هۆکار بۆ لەتکردنی دەوڵەتی عوسمانی، کاردانەوەی دەوڵەت ئەوەبوو بەهەر شێوازێک بێت پوازی دووبەرەکی داکوتێتە نێوان ئەم دوو گەلە هاوسێیەدا (سافراستیان، ٢٠٠٥: ١٠١)، هەربۆیەشە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم فرمانیدا بە ئامادەکردنی لیوا یان فەوجی سوارەی نا ڕێکخراو

(irregular cavalry) له ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوی لێنان "سوارەی حەمیدیە" یان "حەمیدیە ئالایلەری" (Hamidiye Alayları)، ئەمەش وەک نیسبەتێک بۆ ناوی خۆی. فەرمانی سوڵتانی بۆ پێکهێنانیان لە ساڵی ١٨٩٠ دەرچوو، بەڵام پێکهێنانی ڕاستەقینەی ئەم فەوجانە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨٩١دابوون. سوڵتان عەبدولحەمید ئەم لیوایانەی دوای لێکۆڵینەوە و داڕشتنی پلانێک لە نێوان خۆی و ژمارەیەک دیپلۆماتی بەریتانی، کە لە لایەنە سەربازییەکاندا لێهاتوو و سەرکەوتوو بوون، دامەزراند (آل فطیح، ٢٠٢٣: ٣١٠ - ٣١١). کۆکوژی ئەرمەن ١٨٩٥- ١٨٩٦نەخشە داڕێژەر و بڕیاردەری سەرەکی تەنیا و تەنیا دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەشێکی کورد بەشداربوونە لەم کردەیەدا وەک ئامرازێکی ناوەخۆیی و بەکارهێندراون لەبۆ ئەوەی هیچ کات کورد و ئەرمەن نەتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن و دواجار دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بوەستنەوە، لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی دوفاقی دەوڵەتە زلهێزەکان لەبەکارهێنانی پرسی ئەرمەن بۆ جێخۆشکردنی شوێنی خۆیان لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا زیاتر لە هەوڵی چنینەوەی دەستکەوتەکانی خۆیاندابوونە نەوەک بەرژەوەندی گەلانی نێو دەوڵەتی عوسمانی (عەبدوڵلا، ٢٠٢١: ٥٢).

قۆناغێکی دیکەی کاری پێکەوەیی نێوان کورد و ئەرمەن، لە دوای ڕەوتی ڕووداوەکانی کودەتایی (ئیتحاد و تەرەقی) لە ١٩٠٨دا خۆی بەرجەستەدەکات، چونکە دروشمگەلی ئازادی و یەکسانی و برایەتی لەسەرەتادا برەوی پێدرا، بۆیەشە کاری پێکەوەیی خۆی لەدایکبوونی ڕۆژنامە، پارت، یانە، کۆمەڵە ڕۆشنبیری و سیاسییەکاندا دەدۆزییەوە، لەدوای ئەوەی کار لەسەر توانەوەی ڕەگەزەکانی دیکە کرایەوە لەنێو بۆتەی ڕەگەزی تورکدا، ئیتر دەنگی ناڕەزایی بەرزبووەوە (عوسمان، ٢٠١٠: ٢٧)، کێشەیەکی دیکە لە نێوان ئەرمەن و کوردەکان مشت و مڕی زۆری لەسەر هەبوو ئەویش خاوەنداری زەویەکان بوو، دوای کودەتاکەی عوسمانی، زۆرێک لە خێزانە ئەرمەنییەکان گەڕانەوە کە لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆچیان کردبوو بۆ قەوقاز. ئەوان دەستیان لە زەوییەکانیان هەڵگرتبوو، کە حکومەتی عوسمانی و هەندێک لە دەرەبەگە گەورە کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. ئەرمەنییەکان لە ڕێگەی پارتەکانیان و پاتریاکخانەکەیان لە ئەستەنبوڵ داوای گەڕاندنەوەی زەوییە داگیرکراوەکانیان کرد. هەندێک لە دەرەبەگە کوردەکان ڕازی بوون بە گەڕاندنەوەی ئەو زەوییانە، کە سەنەدی خاوەندارێتییان لێ نەبوو (بەتایبەت لە مووش)، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیان بەوە کرد، کە زۆرێک لەو زەوییانە قەرز و شایستەی داراییان لەسەر بووە و ئەوان بوون، کە ئەو پارانەیان بۆ حکومەتی عوسمانی گەڕاندووەتەوە، هەروەها داوایان دەکرد کە حکومەت قەرەبووی ئەو پارانەشیان بۆ بکاتەوە کە لەو زەوییانەدا خەرجیان کردبوو، لە لایەکی دیکەوە، حکومەتی نوێی عوسمانی پرسی قەرەبوو کردنەوەکانی بە هەموو شێوەیەک ڕەتکردەوە. هەروەها حکومەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، لە ڕێگەی بانکی کشتوکاڵییەوە، ئەو زەوییانەی بە دەرەبەگە کوردەکان فرۆشتبوو؛ بۆیە ئەوانە ئامادە نەبوون تەنها بە قسە و بێ بەڵگە و دۆکیۆمێنت و قەرەبوو دەستبەرداری ئەو زەوییانە بن، ئەمەش بووە هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکە لە نێوانیاندا (توفیق، ٢٠١٤: ٤٦٩)، ڕووداوێکی دیکە، کە هێما بۆ کاری پێکەوەیی نێوان کورد و ئەرمەن دەکاتن، ڕاپەڕینی بەتلیسی ساڵی ١٩١٤ نموونەیەکی زۆر ڕوونە، مەلا سەلیمی بەتلیسی لەگەڵ کەسە دیارەکانی ئەرمەنەکان لە گفتوگۆدابوو بۆ ئەوەی شارەکە لە ژێر چەنگی ئیتحادییەکان دەربهێنن، بەڵام نابەرانبەری هێز ڕاپەڕینەکەی دووچاری نوشستکرد و (مەلا سەلیم) لە دوای دالّدەدانی لە کونسوڵخانەی ڕووسیا و هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی

جیهانی، لەئەنجامی دەستبەسەر داگرتنی کونسوڵخانەی ڕووسیا (مەلا سەلیم)، بەدەستدرێژی گولە دەکوژرێت لەلایەن ئیتحادییەکانەوە (عەلیاوەیی،٢٠١١: ٢٠٨، ٢٠٩).

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی (ب. نافاسارديان)، لەم بارەیەوە بە پشتبەستن بە چاودێری کەسیی خۆی و ئەزموونی درێژخایەنی لە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کورد؛ ئاماژەی بەوە کردووە، کە بزووتنەوەکەی بەتلیس (بدلیس) دەبێت لە ڕیزی بزووتنەوە کوردییەکانی دژ بە تورکەکاندا هەژمار بکرێت، هەروەها لە وەڵامی ناونیشانی وتارەکەیدا (ڕاپەڕینی کوردییە یان کۆمەڵکوژیی ئەرمەنی؟) ڕایگەیاندووە: «بزووتنەوەی کوردی ڕاپەڕینێک بوو دژی "تورکە لاوەکان" (تورکيا الفتاة)، ئەوە دژی ئەرمەنییەکان نەبوو و بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیش (توفیق، ٢٠١٤: ٥٢٣).

**تەوەرەی دووەم: ٢-١ : هۆکارەکانی کۆچی ئەرمەن بۆ باشووری کوردستان:**

ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ یەکەم جەنگی جیهانی و ''کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان'' لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەست پێدەکات . کۆچەکە لێرەدا کۆچێکی ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو ''ڕاگواستنی زۆرەملێ'' و ڕاکردن بووە لە مەرگ. سیاسەتی تورکە لاوەکان (ئیتیحاد و تەرەقی) لە ساڵی ١٩١٥ گەیشتە لووتکە. فەرمانی ڕاگواستنی گشتی دەرچوو. ئەو حیزبە لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیان لە هەموو بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوە. لە ماوەی دە ساڵی حوکمیان ١٩٠٨- ١٩١٨ دەوڵەتی عوسمانییان بەرەو پارچەبوون برد. هۆکاری کوشتاری ئەرمەن، گرووپی ئیتیحاد و تەرەقی تورک، کە بە تەواوی کاریان لەسەر تورکایەتی و تۆرانیەت دەکرد و لە جیا لە تاکی تورک هیچ نەتەوەیەکیان قەبوڵ نەبوو (مەکداول،٢٠٠٥: ١٨١).

لە نێوان ساڵانی جەنگ ١٩١٤- ١٩١٨ ئیتیحادییەکان کوشتارێکی ترسناکیان لە ئەرمەن و کورد کرد، ئەو کۆمەڵکوژییەی دوو نەتەوەی وەکو ئەرمەن و کورد، لە بنەڕەتد گوزارشتی لە ماهییەتی فراوانخوازی و ڕەگەزپەرستی بزووتنەوەی تۆرانییەت دەکرد، چونکە ئیتیحادییەکان باوەڕیان وابوو، کە دەبێ تۆرانییەکان بە زۆری چەک هەموو جیهان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە ئەم ڕەوشەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە عوسمانییەکان بەشێکی زۆری توانای خۆیان بۆ پێکدادانەوەی ئاژاوەکانی ناوخۆ خەرج بکەن. هەر لەبەر ئەم بارودۆخە جیهانییە بوو بڕیاری عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٩١٥ دا بڕیاریاندا ئەرمەنییەکان لە سنووری ڕووسیا دوور بخەنەوە و بیانگوازنەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا. بەم بڕیارەش دەیانخواست بەر لە هاوکاری نێوان سوپای ڕووسیا و ئەرمەنەکان بگرن. بۆیە بە توندترین شێوە کەوتنە لێدانی ئەرمەن (باقی، ٢٠٢٢: ٨٩). لەئەنجامیش کوشتاری ئەرمەنییەکانی لێکەوتەوە، کە مەزەندە دەکرێت لە پرۆسەی ڕاگواستن و مامەڵەی سوپای عوسمانی لە کاتی ڕاگواستنی ئەرمەنەکاندا ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی گیانیان لەدەستدابێت یان کوژرا بن. ئەرمەنیەکان تەنها دوو بژاردەیان هەبوو یان بەرەو بیابانەکانی سووریا (دێرەزوور)، کە زۆربەیان لەوێ کۆمەڵکوژ کران، کە ئەمەش ئەمڕۆ بە کۆکوژی ئەرمەنییەکان دەناسرێت وەک یەکەم کۆکوژی سەدەی بیستەم بەناودەبرێت. بێگومان ئەم ڕەوشەش بووە فاکتەرێکی هەرە گرنگ بۆ عوسمانییەکان و کاریگەری لەسەر لاسەنگکردنی تای تەرازووی هاوکێشەکان لەناو جەماوەردا و ناشیرینکردنی ڕووی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی هەبوو (برونسن، ٤١: ٢٠٢٤).

فەرمانی ڕاگواستنی ئەرمەنییەکان لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (وان، بەتلیس، ئەرزەڕۆم). دەرچوو سەبارەت بەمە، عوسمانییەکان دەستیان کرد بە هێنانەوەی بیانوو بۆ

کۆچپێکردنی ئەرمەنەکان لە زێدی خۆیان، و یارییان بە هەستی ئایینی کرد بۆ دروستکردنی گرژی لە نێوان ئەرمەنەکان و هاوسێ کورد و چەرکەسەکانیاندا، بەڕاستیش عوسمانییەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەنادۆڵ دەست پێبکات. پەرچەکرداری عوسمانییەکان ناڕەوا بوو، چونکە کارەساتەکانی کوشتن و ئەشکەنجەدان منداڵان و ژنان و پیرانیشی گرتەوە. ڕاستە کە هەندێک حیزبی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی هەبوون، کە چالاکی سەربازییان ڕێکخست وەک وەڵامێک بۆ ئەو زوڵمەی لە هاوڕەگەزەکانیان دەکرا، بەڵام پەرچەکردارەکان بە شێوەیەکی ناعەقڵانی توند و بێبەزەییانە بوون. گەلێکی بێدەسەڵات لە منداڵ، پیر، ژن و گەنج ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژییەکی ڕێکخراو بوونەوە و پێدەچێت پلانێکی پێشوەختە هەبووبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیە. بووە هۆی ترسی ئەرمەنییەکان لە کۆمەڵکوژی بۆیە ڕێژەیەکی زۆر هەڵاتن بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان کە ئارامتر بوون (البیضانی، ٢٠٢١:٧٥).

لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩١٤، سوڵتان-خەلیفە، محەمەدی پێنجەم جاڕنامەی "شەڕی پیرۆز"ی ڕاگەیاند، کە هاوپەیمانەکان بۆ گاڵتەجاڕی ناویان نابوو "جیهادی ئەڵمانیایی" وێڕای بەرگرییەکی سەرسەختانەی عوسمانی لە دەردەنیل دژ بە هێزەکانی هاوپەیمانان، کە ڕێگەی لە پەیوەندی گرتنی هێزەکانی ڕووس و ئینگلیزی- فەڕەنسی گرتبوو، کەچی سوپای عوسمانی هەر زوو چەندین تێکشکانی پڕ سوێی بەخۆوە بینی ئەم ڕەوشەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە عوسمانییەکان بەشێکی زۆری توانای خۆیان بۆ پێکدادانەوەی ئاژاوەکانی ناوخۆ خەرج بکەن. هەر لەبەر ئەم بارودۆخە جیهانییە بوو بڕیاری عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٥ دا دەرچوو، کە ئەرمەنییەکان لە سنووری ڕووسیا دوور بخەنەوە و بیانگوازنەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا. بەم بڕیارەش دەیانخواست بەر لە هاوکاری نێوان سوپای ڕووسیا و ئەرمەنەکان بگرن، هەتا بتوانن پێش لە پێشڕەوی سوپای ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرن. (برونسن،٢٠٢٤: ٤٣).

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی تورک بەبەردەوامی هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و بەگژ یەکداچوونی نەتەوەی کورد و ئەرمەنیان دەدا، والی تورک لە موش کە (ئیحسان پاشا) بوو داوای لە ئەرمەن کرد چەک دژی کوردەکان هەڵگرن، ئەرمەنەکان هیچ چارەیەکیان نەمابوو، ئەگەر ئەم داوایەیان ڕەت بکردبایە ئەوا توشی ڕاوەدونان و گرتن و سزادان دەبوون ئەگەر داواکەشیان قەبوڵ بکردایە ئەوا دوژمنایەتی دەکەوتە نێوان کورد و ئەرمەن، بۆیە دڵنیایی ئەم داواییەیان بە یەکێك لە ناودارە و کەسایەتیی ئەرمەنەکان لەو ناوچەیە دابووە (گارۆ ساسونی) (١٨٨٩-١٩٧٧) بوو وتی: "ئەرمەنەکان زۆر باش لەم داواییە دەگەن بۆیە بە ژیرانە ڕووبەڕووی ئەم هەڵوێستە بوونەوە"، ئەوەبوو پشتیوانی خۆیان بۆ والی دەربڕی، بەڵام هەر بە زارەکی، لە ژێرەوەش کوردیان لەم پیلانیان ئاگادار کردبووەوە پێیان ڕاگەیاندن، کە تورکەکان هەرگیز ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆیان نابینن کورد و ئەرمەن ڕووبەڕووی یەکتر ببیننەوە، دڵنیایان کردبووەوە کە هیچ کاتێك ئامادە نین چەکەکانیان ڕووەو کوردەکان ئاراستە بکەن (عوسمان، ٢٠١٠: ٤٤).

جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە بە گرتن و کوشتنی ژمارەیەک پیاوی دیاری ئەرمەنی و لەناو لەشکریشدا بە کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی ئەرمەنی دەستی پێکرد، کە لە بەرەی شەڕی قەفقاز ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکرد و هەزاران کەسیشیان لە مەیدانی شەڕدا و شانبەشانی تورکەکان، لە بەرەکانی شەڕی دۆڵی باسن و ساری قامیشدا کوژران. لە ناوبردنی دانیشتووانی ئەرمەنی وەک جینۆساید هاوڕێ لەگەڵ ڕاگوستن و دوورخستنەوەی بەکۆمەڵ بەرەو

بیابانەکانی میزوپۆتامیا جێبەجێکرا. ئەم کاروانانەی کۆچبەران لە ڕێگا دەکەوتنە بەر هێرشی سەربازانی لەشکر و دەستەی جەندرمە و گرووپی تایبەتەوە کە لەناو دانیشتووانی دەمارگرژ و دواکەوتووەکاندا بۆ ئەم مەبەستە دابین کرابوون. ئەمانە ڕاگوێزراوانی ئەرمەنییان بێبەزەییانە دەکوشت و ژن و کچانی گەنجیان بۆ حەرەمی لێپرسراوانی تورک یان پیاوکوژانی سوپا دەبرد (تۆینبی، ٢٠٠٨: ٢٢٦).

**هۆکارەکانی کۆچی ئەرمەنییەکان (کۆچ پێکردنیان) بۆچەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە گرینگترینیان:**

**١. هۆکاری جەنگ:**

کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان لە ڕووی سەربازی و جەنگییەوە بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی توندی یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و ململانێ چەکدارییەکانی ناوچەکە. هەڵگیرسانی جەنگ و بوونی دەوڵەتی عوسمانی وەک لایەنێکی شەڕەکە، ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی دروستکرد. ناوچەکانی نیشتەجێبوونی ئەرمەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بوونە گۆڕەپانی سەرەکیی شەڕ، ئەمەش وایکرد خەڵکی مەدەنی بۆ ڕزگارکردنی گیانیان بەرەو ناوچە ئارامترەکانی باشوور (کوردستان و عێراق) ڕابکەن (ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٣-١٧).

سەرلەنوێ تێکچوونی بارودۆخەکە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران هەر لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٤وە ڕووداوی زۆر ڕوویدا بە بەشداری کوردەکان و سەربازە تورکەکان، بەڵام نە تورکەکان و نە ئەڵمانەکان نەیانتوانی شوێن و پێگەی سەربازی و سیاسیی ڕووسیا لە ناوچە لاوازبکەن. لە ڕاستیدا ڕووسیا دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو بەسەر ئەم ناوچەیە و هەوڵی دەدا چاودێری خۆی بسەپێنێت بەسەر سەرکردە خێڵەکی و دەرەبەگایەتییە کوردەکان ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕووسیا ئەرمەنییەکان کەوتبوونە نێوان بەرداشی دوو هێزی گەورە (عوسمانی و ڕووسیا). دەوڵەتی عوسمانی ئەرمەنییەکانی تۆمەتبار دەکرد بەوەی هاوکاری سوپای ڕووسیا دەکەن. ئەم گومانە سەربازییە بووە پاساو بۆ هێرشکردنە سەر گوند و شارە ئەرمەنییەکان و وێرانکردنیان، کە ئەنجامەکەی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان بوو (بەرۆژی، ٢٠٢٥: ٤٦).

یاسای ڕاگواستنی زۆرەملێ (یاسای تەهجیر - ١٩١٥) لە کاتی جەنگدا، حکومەتی عوسمانی بڕیارێکی سەربازی دەرکرد بۆ ڕاگواستنی ئەرمەنییەکان لە ناوچەکانی نزیک بەرەی جەنگ بۆ بیابانەکانی سووریا و عێراق. ئەمە وەک پلانێکی سەربازی نیشان دەدرا بۆ پاراستنی سوپا، بەڵام لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی کوشندە بوو کە وایکرد هەزاران ئەرمەنی لە ڕێگای کۆچەکەدا بگەنە شارەکانی وەک زاخۆ، دهۆک و مووسڵ و لەوێ جێگیر ببن ( بیداوید،٢٠٢٥: ١٠٦).

بەکارهێنانی "خاکی سوتاو" لە جەنگدا لە کاتی پاشەکشێ یان پێشڕەوی سوپاکان (عوسمانی و ڕووسیا)، سیاسەتی سوتاندنی گوندەکان و لەناوبردنی سەرچاوە خۆراکییەکان پەیڕەو دەکرا. ئەم وێرانکارییە سەربازییە وایکرد هیچ هیوایەک بۆ مانەوە لە زێدی باوباپیرانیان نەمێنێت، بۆیە باشووری کوردستان کە لە ناوچە شاخاوییەکان و دوورتر لە بەرەکانی جەنگی ڕووسیا بوو، بووە پەناگەیەکی سەربازیی ئارام بۆیان (مەدەنی، ٢٠١٨: ٢٢٨ ).

هەڵوەشانەوەی سوپای عوسمانی و بەرقرارنەبوونی ئاسایش لە کۆتایی جەنگ و دوای شکستی عوسمانییەکان، ناوچەکە تووشی بۆشاییەکی گەورەی ناجێگیری ئاسیشی هات. گروپە چەکدارەکان و پاشماوەی سوپا هێرشیان دەکردە سەر کەمینەکان، لەم کاتەدا هێزە بەریتانییەکان، کە هاتبوونە ناو خاکی عێراق و باشووری کوردستان، هەندێک ناوچەی

پارێزراویان بۆ پەنابەرە ئەرمەنییەکان دروستکرد (وەک کامپی بەعقوبە)، ئەمەش هانی ئەرمەنییە زیانلێکەوتووەکانی جەنگیدا، کە ڕوو لەم ناوچانە بکەن. پاراستنی سنوورەکان و ناسەقامگیری سیاسی دوای جەنگ و لە کاتی کێشانی سنوورە نوێیەکان، زۆرێک لەو ئەرمەنییانەی کە لە تورکیای نوێ مابوونەوە، بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆیی و نەتەوەیی تورکەکان (شەڕی سەربەخۆیی تورکیا)، ناچار بوون بەرەو باشوور بێن کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو و ئارام تر بوو (ئەرسلان ،٢٠١٢: ٣٥).

**هۆکاری جوگرافی:**

کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە پەیوەندییەکی زۆری بە هەڵکەوتەی ناوچەکە و سروشتی زەوییەکەیەوە هەبوو. نزیکیی جوگرافی (هاوسنووری) نیشتیمانی ڕەسەنی ئەرمەنییەکان (کە بە ئەرمینیای ڕۆژئاوا دەناسرێت و لە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستایە) هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەکانی باکوور و باشووری کوردستان. ئەم نزیکییە وایکرد کە لە کاتی ڕووداوەکاندا، باشووری کوردستان نزیکترین و ئاسانترین شوێن بێت بۆ ڕاکردن و ڕزگاربوون، بەتایبەت بۆ ئەو ئەرمەنییانەی لە ناوچەکانی (وان، بدلیس و جۆلەمێرگ) دەژیان. سروشتی شاخاویی ناوچەکە: باشووری کوردستان خاوەن زنجیرە چیا و دۆڵە سەختەکانە (وەک چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس). ئەم سروشتە شاخاوییە وەک قەڵایەکی سروشتی وایە؛ ئەرمەنییەکان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی سوپای عوسمانی پەنایان بۆ ناو شاخەکان دەبرد، چونکە جوڵەی سوپا و چەک و تەقەمەنی قورس لەو ناوچە سەختانەدا زۆر گران بوو، ئەمەش دەرفەتی خۆشاردنەوە و ڕزگاربوونی زیاتری پێ دەدان (عوسمان ، ٢٠١٠ : ٩).

لێکچوونی کەشوهەوا و ژینگەی سروشتی کەشوهەوای ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان (وەک بادینان و هەورامان) زۆر لە کەشوهەوای ناوچە ئەرمەنی نشینەکان دەچوو. ئەم لێکچوونە ژینگەییە یارمەتی ئەرمەنییەکانی دەدا، کە خێراتر لەگەڵ ژینگەکەدا ڕابێن، بەتایبەت لە ڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە کە پیشەی سەرەکییان بوو. هەروەها سەرچاوە ئاوییەکان بوونی ڕووبارە گەورەکان وەک (خابوور، زێی گەورە، زێی بچووک و دیمەنی ئاوییەکان) لە باشووری کوردستان، وای دەکرد کە ژیان و مانەوە لەم ناوچانەدا ئاسانتر بێت بۆ ئاوارەکان، بە بەراورد بەو ناوچە بیابانی و وشکانەی کە دەوڵەتی عوسمانی دەیویست بۆیانی ڕاگوێزێت (وەک دێرەزوور لە سووریا) (موفتی کیرۆب، ٢٠٢٣: ١٠).

هەڵکەوتەی شارە سنوورییەکان: شارە سنوورییەکانی وەک زاخۆ بەهۆی پێگەی جوگرافییانەوە بوونە یەکەم وێستگەی پێشوازیکردن لە ئەرمەنییەکان. زاخۆ وەک "دەروازەیەک" وابوو کە ئەرمەنییەکانی لەچەقی جەنگ و کۆمەڵکوژیی ناو تورکیاوە دەگواستەوە بۆ ناوچەیەکی ئارامتر لە ژێر دەسەڵاتی کوردی یان بەریتانی، هاوسنووری و سروشتی سەختی چیاکان دوو گرنگترین هۆکاری جوگرافی بوون، کە باشووری کوردستانیان کردە پەناگەیەکی سروشتی بۆ نەتەوەی ئەرمەن لەو سەردەمەدا (بەرۆژی، ٢٠٢٥: ١٩-٢٨).

**هۆکاری ئایینی :**

کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان لە ڕووی ئایینییەوە ڕەهەندێکی زۆر گرنگی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئاین یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ململانێ و ناسنامە. بەتایبەتی دوای بانگەوازی "جیهاد" لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە. لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانی، دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی "جیهادی پیرۆز"ی ڕاگەیاند دژی وڵاتانی هاوپەیمان. سوڵتان و سەرانی تورک لەم سیاسەتەیان ڕژدبوون کەوتنە فەتوا دەرکردن بەوەی هەر

لەسەرەتای شەڕەوە دیسان تورکەکان کۆمەڵکوژی و کارەساتی دیکەیان بەسەر ئەرمەنەکاندا هێنایەوە، تەنانەت لەڕێکەوتی ٢٤ ی گوڵانی١٩١٥ فەتوایەکیان دەرکرد کەلەسەر کورد و تورک پێویستە غەزای ئەرمەن کوشتن دەست پێبکەن. ئەم بانگەوازە لە ناوخۆدا وەک ئامرازێک بەکارهات دژی کەمینە ناموسوڵمانەکان (بەتایبەت ئەرمەن و ئاشوورییەکان). ئەمەش وایکرد ئەرمەنییەکان وەک "ئەهلی زیممە" پارێزراو نەبن. فشار بۆ گۆڕینی ئایین (ئیسلامکردنی زۆرەملێ) یەکێک لەو فشارە ئایینیانەی لەسەر ئەرمەنییەکان هەبوو، ناچارکردنیان بوو بۆ وازهێنان لە ئایینی مەسیحی و قبوڵکردنی ئیسلام وەک مەرجێک بۆ ڕزگاربوون لە کوشتن یان ڕاگواستن. لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا، سیستەمی "میلة" کە تا ڕادەیەک مافی بە کەمینە ئایینییەکان دەدا تێکچوو. ئەرمەنییەکان وەک "کافر" یان "خائین بە دەوڵەتی ئیسلامی" نیشان دەدران. بۆ ڕزگاربوون لەم چەوسانەوە ئایینییە سیستماتییکە، زۆرێک لەو خێزانە ئەرمەنییانەی نەیانویست دەستبەرداری ئایینەکەیان بن، بڕیاری کۆچیان بەرەو ناوچە دوورە دەستەکان و باشووری کوردستان تا بتوانن لەسەر بیروباوەڕی خۆیان بمێننەوە (ئەرسەلان، ٢٠١٢: ٣٨).

پاراستنی ناسنامەی کەنیسە ''کەنیسەی ئەرمەنی'' تەنها ناوەندێکی ئایینی نەبوو، بەڵکو پارێزەری زمان، مێژوو و کولتووری ئەرمەنیش بوو. لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا زۆرێک لە کەنیسە و دێرە مێژووییەکان خاپوور کران. کۆچکردن بۆ باشووری کوردستان، کە تێیدا پێکهاتەی مەسیحی دیکەی وەک (ئاشووری و کلدان) لێبوو، دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ ئەوەی ئەرمەنییەکان کەنیسەی خۆیان بنیات بنێنەوە و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان بە ئازادی ئەنجام بدەن. هەبوونی ناوچە مەسیحی نشینەکان لە باشووری کوردستان: بوونی شار و گوندە مەسیحییەکان لە ناوچەکانی وەک زاخۆ، دهۆک، هەولێر (عەنکاوە) و شەقلاوە، وایکرد ئەرمەنییەکان هەست بە نامۆیی نەکەن. ئەوان وەک برا لە ئاییندا سەیری کریستیانەکانی ئەم ناوچانەیان دەکرد و ئەم هەستە ئایینییە هاوبەشە کۆچکردنەکەی بۆ ئاسانتر دەکردن (محەمەد، ٢٠٢٣: ٨٥ ).

**هۆکاری نێودەوڵەتی :**

کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان تەنها پرسێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو هۆکارە نێودەوڵەتییەکان و ململانێی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبوو لە ئاڕاستەکردنی ئەم کۆچەدا. ململانێی زلهێزەکان لە یەکەم جەنگی جیهانی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەرەی (ئەڵمانیا و نەمسا) بوو، لە بەرانبەردا وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا) هەبوون. زلهێزەکان (بەتایبەت ڕووسیا و بەریتانیا) پرسی ئەرمەنییەکانیان وەک کارتێکی فشار دژی عوسمانییەکان بەکاردەهێنا. ئەمەش وایکرد دەوڵەتی عوسمانی گومانی ''خیانەتی نێودەوڵەتی'' لە ئەرمەنییەکان بکات و بڕیاری دوورخستنەوەیان بدات بەرەو باشووری ئەنادۆڵ (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٥٦).

ڕۆڵی بەریتانیا و سەپاندنی ماندێتی لە عێراق دوای شکستی عوسمانییەکان، بەریتانیا بووە هێزی باڵا لە ناوچەکە و عێراق خستە ژێر ماندێتی خۆی لە ساڵی (١٩٢٠)دا. بەریتانییەکان وەک هێزێکی نێودەوڵەتی کریستیان، سیاسەتێکی نەرمیان بەرامبەر ئەرمەنییەکان هەبوو و وەک پەنابەر پێشوازییان لێکردن. بەریتانییەکان چەندین کەمپیان بۆ نیشتەجێکردنی ئەرمەنییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق و باشووری کوردستان کردەوە وەک کەمپی ''بەعقوبە'' کە دواتر زۆرێک لەو ئەرمەنییانە چوونە شارەکانی کوردستان (موفتی، کیرۆپ، ٢٠٢٣ : ١١).

شەڕی نێوان ڕووسیا و عوسمانی، ڕووسیا وەک هێزێکی نێودەوڵەتی هانی ئەرمەنییەکانی دەدا دژی عوسمانییەکان بجەنگن. کاتێک سوپای ڕووسیا لە هەندێک ناوچە پاشەکشێی دەکرد، ئەرمەنییەکان بە تەنها دەمانەوە و ڕووبەڕووی تۆڵەکردنەوە دەبوونەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە هاوسەنگی هێزە نێودەوڵەتییەکاندا وایکرد ئەرمەنیەکان ڕێگای کۆچ بگرنە بەر بۆ ڕزگاربوون (کینان، ١٩٩٩: ٣٣).

فشاری کۆمەڵەی گەلان :(League of Nations) دوای جەنگ، کۆمەڵەی گەلان هەوڵی دەدا کێشەی کەمینە ئاوارەکان چارەسەر بکات. هەرچەندە دەوڵەتیان بۆ زۆرێک لە کەمە نەتەوەیەکان دروستنەکرد بەتایبەتی (کورد و ئەرمەن)، بەڵام فشارەکانی وایکرد کە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا (وەک عێراق و سووریا) ناچار بن وەک پەنابەر و هاوڵاتی پێشوازی لە ئەرمەنییەکان بکەن. شکستی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی ئەرمەنییەکان لە ناو تورکیا و هەبوونی دەسەڵاتی بەریتانیا لە باشووری کوردستان، دوو هۆکاری سەرەکی بوون کە نەتەوەی ئەرمەنی وەک پەناگەیەکی نێودەوڵەتی سەیری ئەم ناوچەیە بکەن ( ئەحمەد، ٢٠١٦: ٦٨).

**هۆکاری نەتەوەیی :**

کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ڕووداوە مێژووییانەوە هەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویاندا. ئەگەر بە دیاریکراوی باس لە هۆکارە نەتەوەییەکان بکەین، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانی ساڵی (١٩١٥) گەورەترین و سەرەکیترین هۆکاری نەتەوەیی، ئەو کۆمەڵکوژییە بوو کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە (لەسەر دەستی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی) دژی نەتەوەی ئەرمەن ئەنجامدرا. ئەمە وایکرد ئەرمەنییەکان بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان و نەتەوەکەیان پەنا بۆ ناوچەکانی دیکە و هاو سنووری ئەرمینیا ببەن باشووری کوردستانیش بەدەر نەبوو لە لێشاوی ئەم کۆچە. سیاسەتی "تورکاندن" (Turkification)، دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عوسمانی دەیانویست دەوڵەتێکی یەک نەتەوەیی (تەنها تورک) دروست بکەن. نەتەوەی ئەرمەن وەک لەمپەرێک لەبەردەم ئەم پرۆژە نەتەوەییەی تورکەکان دەبینرا، بۆیە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەرمەنییان دەدا (پیربال، ٢٠٢٠: ١٤٦).

پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی ئەرمەنییەکان وەک نەتەوەیەکی کریستیان لەژێر گوشارێکی زۆردا بوون بۆ گۆڕینی ئایین یان دەستبەرداربوون لە کولتووری خۆیان. کۆچکردن بۆ باشووری کوردستان دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی و ئایینی بمێننەوە و ناسنامەی خۆیان بپارێزن، بەتایبەت کە لە زۆر ناوچەی کوردستان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و هەندێک لە شێخ و سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە داڵدە دران. ڕاگواستنی زۆرەملێ (Deportation) سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دوورخستنەوەی ئەرمەنییەکان لە زێدی باوباپیرانیان (کە بە ئەرمینیای ڕۆژئاوا ناسراوە) بەرەو بیابانەکانی سووریا و ناوچەکانی تری وەک عێراق، وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکان ڕوو بکەنە ناوچەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی شارەکانی (زاخۆ، دهۆک، هەولێر و کەرکووک)، پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن سەرەڕای هەندێک گرژی لە قۆناغە مێژووییەکاندا، بەڵام هەردوو نەتەوە (کورد و ئەرمەن) وەک دوو نەتەوەی دێرینی ناوچەکە پێکەوە ژیاون. زۆرێک لە ئەرمەنییەکان باشووری کوردستانیان وەک پەناگەیەکی سروشتی دەبینی، چونکە ئاشنای دابونەریتی خەڵکەکە بوون و

وەک نەتەوەیەکی چەوساوەی هاوشێوەی خۆیان سەیری کوردیان دەکرد (ئەحمەد، ١٩٧٥: ١٣٣).

**٢-٢: نەخشە ڕێگای کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان:**

نەخشە ڕێگای کۆچی ئەرمەنییەکان بۆ باشووری کوردستان تەنها یەک ڕێگای دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو چەندین ڕێڕەوی جیاوازبوون، کە بەپێی بارودۆخی جەنگ و شوێنی جوگرافیی شارە ئەرمەنییەکان دەگۆڕان. زۆربەی ئەم کۆچانە لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ بۆ ١٩٢٣ ڕوویاندا. وەزارەتی ناوخۆ ئەم پلانەی جێبەجێکرد. سەرەتا لە هەموو گوند و شارە ئەرمەنییەکاندا خەڵکیان بانگکرد بۆ بارەگاکان، پاشان کۆمەڵ- کۆمەڵ دەستگیریان کردن، ئەو خەڵکە ئاگایان لە هیچ نەبوو لە زیندانەکان کۆکرانەوە، پاشان لێرەوە دەستە - دەستە لێکیان دەکردن و تەواو بە کۆمەڵ ڕاپانگواستن بەرەو بیابانەکانی سوریا و عێراق، بەرەو بەغداد و مووسڵ دەوڵەتی عوسمانی ئەرمەنییەکانی بە زۆرەملێ بەرەو بیابانەکانی سووریا (دێرەزوور) ڕاپێچ دەکرد. دیارترین ڕێڕەوەکان:

١- **ڕێڕەوی باکوور (وان - هەکاری - زاخۆ):** ئەمە سەرەکیترین و کورتترین ڕێگا بوو بۆ ئەو ئەرمەنییانەی لە ویلایەتی "وان" و دەوروبەری دەژیان: خاڵی دەستپێک: شاری وان و گوندەکانی دەوروبەری. ڕێڕەو: کۆچبەرەکان بە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی هەکاریدا تێدەپەڕین. خاڵی گەیشتن: یەکەم وێستگەیان شاری زاخۆ بوو. زاخۆ بە "دەروازەی ڕزگاری" دەژمێردرا، لەوێوە دابەش دەبوون بۆ دهۆک و گوندەکانی دەوروبەری (وەک گوندی ئاڤزڕۆک (بیروسیان، ١٧ی ١٢ی ٢٠٢٦).

٢- **ڕێڕەوی ناوەڕاست (بەدلیس - سێرت - ڕواندز):** ئەم ڕێگایە بۆ ئەو ئەرمەنییانە بوو، کە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ نیشتەجێبوون خاڵی دەستپێک: ویلایەتی بەدلیس و موش. ڕێڕەو: بە ناوچەی سێرت و لێوارەکانی ڕووباری دیجلەدا دەهاتنە خوارەوە و بەرەو سنوورەکانی باشووری کوردستان. خاڵی گەیشتن: ناوچەکانی سۆران و ڕواندز، زۆرێک لەم کۆچبەرانە دواتر بەرەو هەولێر و کەرکووک ڕۆیشتن. ڕێڕەوی ڕاگواستنی زۆرەملێ (بیابان - موسڵ - کەرکووک) ئەم ڕێگایە مەترسیدارترین بوو، چونکە ڕێگایەکی فەرمی دەوڵەت بوو بۆ "تەهجیر": خاڵی دەستپێک: ناوچە جیاوازەکانی ئەنادۆڵ. ڕێڕەو: ڕەوانەی بیابانەکانی سووریا (دێرەزوور) دەکران، ئەو کەسانەی لەوێ ڕزگاریان دەبوو، بە ڕێگای بیاباندا بەرەو مووسڵ دەهاتن. خاڵی گەیشتن: لە مووسڵەوە دابەش دەبوون. دوای تێپەڕبوون بەم ڕێگایانەدا، ئەرمەنییەکان لە چەند ناوچەیەکی سەرەکی نیشتەجێبوون، کە تا ئەمڕۆ شوێنەواریان ماوە، لە زاخۆ و دهۆک: (گوندی ئاڤزڕۆک و هاوڕێسکێ نموونەی گوندی ئەرمەنی نشینن)، هەولێر: بەتایبەت لە ناوچەی قەڵا و دواتر گەڕەکی عەنکاوە. کەرکووک، لە گەڕەکی ئەرمەن (ئەلماس) ( بوغوصیان؛ تمارا، ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦).

٣_ **ڕێگەی شەنگال (پەناگەی ئێزدییەکان):** شەنگال یەکێک بوو لە گرنگترین وێستگەکان. کاتێک کاروانە ئەرمەنییەکان لە ناوچەکانی (ماردین و ئامەد)ەوە بەرەو سووریا دەبردران، هەزاران کەسیان ڕوویان کردە چیای شەنگال. کوردە ئێزدییەکان بە فەرمانی "حەمۆی شێرۆ" پێشوازییان لێکردن و پاراستنیان. دواتر لەوێوە زۆرێکیان دابەشبوون بەسەر ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا. کاتی تێپەڕبوونی کاروانەکان بە سنوورەکانی نزیک عێراق، زۆرێک لە ئەرمەنییەکان توانییان ڕابکەن یان لەلایەن خێڵە کوردەکانەوە لە کاروانەکان جیاکرانەوە و


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

حەشاردران. لە جیاتی ئەوەی بگەنە بیابان و بکوژرێن، بەرەو شارەکانی مووسڵ، زاخۆ و دواتر هەولێر هەڵدەهاتن. ئەم کۆچە بە پێ و لە بارودۆخێکی مرۆیی زۆر سەختدا بووە. زۆرێک لە کۆچبەران لە ڕێگادا بەهۆی سەرما، برسێتی و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام هاوکاریی خەڵکی ناوخۆیی کورد ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ڕزگارکردنی ئەوانەی گەیشتنە باشووری کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦دا شاری حەلەب (٤٥٠٠٠)، ئەرمەنی تێدا ژیاون کۆنسوڵی ئەمەریکی مووسڵیش ڕایگەیاندبوو، کە ژمارەی ئەو ئەرمەنیانەی لە کوشتار ڕزگاریان ببوو و گەیشتبوونە مووسڵ تەنها ٨٠٠٠ کەس بوون (ڕۆژە، ٢٠٠٨: ٧٧).

**٢-٣: هەڵوێستی کورد لە باشووری کوردستان بەرامبەر کۆچبەر و ڕزگاربووان:**

بەڵگەنامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کوردەکان دڵسۆزی زۆریان نیشان داوە، تەنانەت لێقەوماویان پاراستووە. عەبدولعەزیز یامۆلکی (١٨٩٠- ١٩٤٧)، ئەوە دەخاتەڕوو: "لە دوو لە سێی ئەو ئەرمەنیانەی ڕزگاریان ببوو بەهۆی کوردەکانەوە بووە". ئیبراهیم پاشای ملی هەزاران ئەرمەنی پاراستووە. جگە لەوەی گەلێک لە کوردەکان پەناگەی لێقەوماوانی ئەرمەنییان داوە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥ و دواتریش، بە گشتی هەڵوێستی کورد هەڵوێستێکی مرۆیی، ئەرێنی و دڵدەدەرانە بووە. لە کاتێکدا، کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی سڕینەوەی ئەو نەتەوەیەی دەدا، زۆرێک لە کوردانی باشوور باوەشیان بۆ کردنەوە. کاتێک کاروانە ماندووەکانی ئەرمەن دەگەیشتنە سنوورەکانی باشووری کوردستان وەک (زاخۆ، دهۆک)، لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و سەرۆک هۆزەکانەوە پێشوازییان لێدەکرا. زۆرێک لە خێزانە کوردەکان، ئەرمەنییەکانیان لەماڵەکانی خۆیاندا دەشاردەوە بۆ ئەوەی لە چاوی سەربازانی عوسمانی بەدوور بن (سافرستیان، ٢٠٠٥: ١١٣).

سەبارەت بە خێڵە کوردییەکان، زۆربەی هاوچەرخانی ئەو ڕووداوانە، وەک کارۆ ساسۆنی، عەبدولڕەزاق بەدرخان، کامل بەدرخان، شاخۆفسکی و ئەفسەرە ڕووسەکانی دیکە، لەسەر ئەوە کۆکن، کە خاڵی جیاکەرەوەی ڕۆڵی خێڵە کوردییەکان لە کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥دا، بەشدارینەکردنیان بووە لەو ڕووداوانەدا؛ بەڵکوو لەوەش گرنگتر، زۆربەی ئەو ئەرمەنییانەی لە کۆمەڵکوژییەکان ڕزگار کراون، لەسەر دەستی ئەو خێڵە کوردییانە بووە. بۆ نموونە کارۆ ساسۆنی دەڵێت: "من خۆم و لە پێوەند بەم بابەتەدا [واتە کۆمەڵکوژییەکان] ئەم ڕاستییەم بۆ دەرکەوت و سەلمێندرا، کە زۆرێک لە سەرۆک خێڵە کوردییەکان لە ساڵانی ١٩١٥-١٩١٧دا، ئەرمەنییەکانیان خستووەتە ژێر پارێزگاریی خۆیان و جلی کوردییان لەبەر کردوون و شاردوویاننەتەوە، هەر بەو هۆیەشەوە دواتر ئەو سەرۆکە کوردانە ڕووبەڕووی سزای حکوومەتی عوسمانی بوونەتەوە" (توفیق، ٢٠١٤: ٥٩٨).

بنەماڵەی شەمدین (محەمەد ئاغا) لە دەڤەری زاخۆ: داواکاریی ئەو کوردانەی ناوچەی شرناخی ڕەتکردەوە کە داوایان لێکردبوو کۆمەڵکوژی دژی ئەو کلدان و ئەرمەنییانە ئەنجام بدات، کە لە دەشتی نافرویی (دەشتی سلۆپی)، ناوچەی جەزیرە، هەکاری، وان و ماردینەوە ڕایانکردبوو. لەبەر ئەم هەڵوێستەی، دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، مەدالیایەکی ڕێزلێنانی لەلایەن پاپای ڕۆماوە پێبەخشرا (بیداوید، ٢٠٢٥: ١٢١).

ئێمە وای دەبینین هێندەی نووسەران و مێژوونووسان باسی ئەوەیان کردووە، کە کورد بەشدارە لە کوشتاری ئەرمەن و کۆمەڵکوژی ئەرمەن و تاوانبارکردنیان بە کوشتاری ئەرمەن، زۆر کەمتر باسی ئەوەیان کردووە، کە کورد چەندێک ئەرمەنی پاراستووە و لە مردن ڕزگاری کردوون. خۆشبەختانە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لە ئەرمەنەکانی ئەمڕۆ، ئەوانەن کوردەکان

له مردن ڕزگاریان کردوون و پاراستوویانن. جگە لەوەش خودی ئەرمەنەکان زۆر لەگەڵ کوردەکان بەختەوەرن و پێکەوە ژیاون، ئەم بەختەوەرییەی ئەوانیش بۆ بێتاوانی کوردەکان دەگەڕێتەوە، لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان و پاراستنی ئەرمەنەکان لەلایەن کوردەکانەوە لە کاتەکانی تەنگانە و گەرمەی شەڕدا ئەرمەنە هاوسێکانیان لەیاد نەچووە، لەو پێناوەشدا ئامادەی قوربانیدان بوون لەپێناو پاراستنیان، هەڵوێستی سەرکردە و شێخە ئاینییەکان کورد لە باشوور ڕۆڵێکی مێژووییان گێڕا لە پاراستنی ئەرمەنییەکان شێخ مەحموودی حەفید (لە سلێمانی) شێخ مەحموود فەرمانی دەرکرد، کە هەر کەسێک ئازاری ئەرمەنییەک بدات یان هێرشیان بکاتە سەر، وەک ئەوە وایە هێرشی کردبێتە سەر خودی ئەو. ئەو سەدان خێزانی ئەرمەنی لە سلێمانی نیشتەجێ کرد و پارێزگاری لێکردن (شامیران،٢٠١٤: ٣٧).

بەڵام وێڕای ئەو هەڵوێستانەی ئەرمەنیش بەرانبەر بەکوردان، کوردە شۆڕشگێڕەکان شەڕی ئەرمەنییان نەکردووە، بەڵکو نزیکەی گیانی پەنجا هەزار ئەرمەنییان لە دەست ئیتیحادییەکان ڕزگار کردووە. مەسعود بارزانی لە بەرگی یەکەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەنووسێت: ''لە کوردستانی باشوور شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی پێکهاتوو لە (٢٠٠) چەکداری ناردۆتە کوردستانی بەندەستی تورکیا بۆ ئەوەی گیانی چەند خێزانێکی ئەرمەنی ڕزگار بکات، یەکێک لەو خێزانانەی هێزە کوردییەکە ڕزگاریکردووە، خێزانی (ئەندرانیک پاشا) بووە. ئەوەی شایانی باس بێت (١٤ )کەس لەو هێزە کوردییە بە دەست تورکەکان کوژراون، (شێخ ئەحمەد بارزانی): یەکێک لە دیارترین نموونەکانی داڵدەدانی ئەرمەنییەکان لە ناوچەی بارزان بوو. شێخ ئەحمەد بارزانی فەتوای دا کە پێویستە ئەرمەنییەکان بپارێزرێن و وەک ''برا''مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەم هەڵوێستە وایکرد ناوچەی بارزان ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ مەسیحییە ڕاکردووەکان (ناوخۆش، ٢٠١٨: ٨٦).

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس وای بۆ دەچن، کورد بەهۆی سیاسەتی کوێرانەی ئاینی دژی ئەرمەنەکان بووە، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە بەدرێژایی مێژوو تائێستاش کورد کێشەی ئاینی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک نەبووە و بوونی ئەم هەمووە ئاین و ئاینزایە لەکوردستان و پێکەوەژیان لەگەڵیاندا ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە هاوسۆزیی ئێزدییەکان (شەنگال) ناوچەی شەنگال یەکێک بوو لە گرنگترین پەناگەکان ئێزدییەکان بە سەرۆکایەتی ''حەمۆی شێرۆ''، هەزاران ئەرمەنییان لە چیاکانی شەنگال حەشاردا و ڕەتیان کردەوە ڕادەستی سوپای عوسمانییان بکەن، تەنانەت لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی شەڕ و گەمارۆش بوونەوە گەلێک کوردیش بەچەک فریای ئەرمەنان کەوتوون و شان بە شانیان لە دژی تورکەکان شەڕیان کردووە. کوردەکانی (دەرسیم ) بەگشتی بە هانای ئەرمەنەکانەوە چوون. کوردەکانی (موکس) لە ساڵی ١٩١٥ دا هەڵوێستی باشیان هەبووە. جگە لەمانەش کوردە ئێزیدییەکانی ''خەرزان'' پارێزگاریان لە ئەرمەنییەکان کردووە و پاراستوویانە، هەر بەم هۆیە گەلێک کورد توشی جەنگ و کوشتار بوونەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا لە کاتی جێنۆسایدی ئەرمەندا داڵدەی سەدان ئەرمەنییان داوە، کە لە ڕێگەی دێرەزوورەوە پەنایان بۆ بردبوون سەرکردەکانی سیاسی گەلی کورد خۆی بە هاوبەشی گەلی ئەرمەن زانیوە و هەستی بە پێویستی بە یەکێتی و هاوپەیمانی کردووە (شامیران، ٢٠١٤: ٣٥).

نووسەری ئینگلیزی ''کیلینگ'' (١٨٨٣-١٩٥٤)کە لەسەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا بە تورکیا و ڕووسیادا گەڕاوە لە کتێبەکەی بە ناوی ''مغامرات في تورکیا و روسیا''دا دەڵێت: ''کە بە چاوی خۆی بینیویەتی لە کاتی کوشتارەکاندا گەلێك کورد پەنایان داوەتە ژنان و

منداڵە ئەرمەنییەکان و جوامێریان نواندووە و تەنانەت بە خزم و منداڵی خۆیان لە قەڵەمیانداون بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکەکان"، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٤دا بەدەق و بەڵگەکانی خۆی خستەروو باسی دڵسۆزیی کورد بۆ ئەرمەن کردوە، منداڵە هەڵگیراوەکان بەشێکی زۆری ئەرمەنییەکان بە منداڵی گەیشتنە باشووری کوردستان. کاتێک دایکان و باوکانیان لە ڕێگەکەدا دەکوژران یان لە برسان دەمردن، خێزانە کوردەکان منداڵە ئەرمەنییەکانیان هەڵدەگرتەوە و لەگەڵ خۆیان دەیانهێنانەوە بۆ ناو گوند و شارەکانی باشوور، زۆرێک لەم منداڵانە دوای گەورەبوونیان ناسنامەی خۆیان دۆزییەوە و بوونە بنەمای کۆمەڵگەی ئەرمەنی لەم ناوچەیەدا. هاوکاری ماددی و بژێوی کوردانی باشوور سەرەڕای ئەوەی خۆیان لە دۆخێکی ئابووری سەختدا بوون بەهۆی جەنگەوە، بەڵام خواردن، پۆشاک و زەوییان بۆ نیشتەجێبوون دەدا بە ئەرمەنییەکان. لە زۆر ناوچە، کوردەکان یارمەتی ئەرمەنییەکانیان دەدا بۆ ئەوەی فێری کار و پیشەی نوێ بن یان زەوییان بۆ دابین دەکردن تا کشتوکاڵی تێدا بکەن. جیاکردنەوەی ئایین لە ململانێی سیاسی هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدەدا جەنگەکە وەک "جەنگی ئیسلام دژی مەسیحییەت" نیشان بدات، بەڵام کوردانی باشوور نەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پڕوپاگەندەیەوە. ئەوان ئەرمەنییەکانیان وەک "ستەملێکراو" دەبینی نەک دوژمنی ئایینی، ئەمەش نیشانەی تێگەیشتنی قووڵی کۆمەڵگەی کوردی بوو بۆ پێکەوەژیان (ڕۆژە، ٢٠٠٨ , ١١٩).

دروستکردنی گوندی تایبەت لە ناوچەکانی بادینان (دهۆک و زاخۆ)، کوردەکان ڕێگەیان دا ئەرمەنییەکان گوندی تایبەت بە خۆیان دروستبکەن و زەوییان پێدان. گوندی (ئاڤزرۆک) لە دهۆک نموونەیەکی زیندووی ئەو سەردەمەیە، کە تا ئێستاش وەک گوندێکی ئەرمەنی نشین ماوەتەوە و نیشانەی ئەو ڕێز و برایەتییەیە. یەکگرتنی چارەنووس کوردەکان هەستیان دەکرد، کە خۆشیان وەک ئەرمەنییەکان قوربانی دەستی دەسەڵاتی ناوەندین. ئەم هەستی "هاوچەوساوەیی"یە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لە نێوان هەردوو نەتەوە دروست کرد، کە تا ئەمڕۆش لە هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە لە ڕێگەی بوونی کورسی کۆتا بۆ ئەرمەنییەکان و ڕێزگرتن لە کەنیسەکانیان. هەڵوێستی کورد لە باشووری کوردستان هەڵوێستێکی سەربەرزانە و مرۆیی بوو. ئەگەر هاوکاری و دالدەدانی کوردەکان نەبوایە، ژمارەیەکی زۆر کەمتری ئەرمەنییەکان لەو کۆمەڵکوژییە ڕزگاریان دەبوو. ئەم مێژووە بووەتە بنەمایەک بۆ ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانەیەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت ( خەلاتیان، ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٦).

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. هەڵکەوتەی جیۆپۆلۆتیکی باشووری کوردستان، وەک خاڵێکی نزیک و پڕ ستراتیژ لێی ڕواندراوە بۆ کۆچی ئەرمەنییەکان بەتایبەتی شاری زاخۆ وەک مەڵبەندێکی دیار و بەرچاووی ئەرمەنییەکان لە قەڵەم ئەدرێت.

٢. دووری لە ناوەندی بڕیاری عوسمانییەکان باشووری کوردستان بەهۆی دوورییەکەی لە ئەستەمبوڵ و هەڵکەوتە شاخاوییەکەی، دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان تێیدا کەمتر

بوو. ئەمەش وای کردبوو ناوچەکە ببێتە پەناگەیەکی ئارامتر بۆ ئەو کەسانەی لە ''کاروانەکانی مەرگ'' ڕایان دەکرد و باشووری کوردستانیان وەک بژاردەیەکی دروست دەبینی بۆ ئەوەی کۆچی بۆ بکەن.

٣. هەردوو نەتەوە (کورد و ئەرمەن) وەک دوو نەتەوەی دێرینی ناوچەکە پێکەوە ژیاون و زۆرێک لە ئەرمەنییەکان باشووری کوردستانیان وەک پەناگەیەکی سروشتی دەبینی، چونکە ئاشنای دابونەریتی خەڵکەکە بوون و وەک نەتەوەیەکی چەوساوەی هاوشێوەی خۆیان لە کوردیان دەڕوانی.

٤. بوونی کەمینە مەسیحییەکانی دیکە لە باشووری کوردستان کلد و ئاشوورییەکان هەبوون، ئەمەش وای کرد ئەرمەنییەکان هەست بە نامۆیی نەکەن و لەلایەن کەنیسە و گوندە مەسیحییەکانی ناوچەکەوە هاوکاری بکرێن بۆ جێگیربوون لەو دەڤەرانەی کەببوونە لانکەیەکی ئارامتر بۆیان.

٥. بوونی ئاماژەگەلێکی گونجاو لای کوردانی باشوور لە ڕوانگەی پێکەوەژیانەوە، ئەوەش زامنی مانەوەی ئەرمەنەکانی لەسەر خاکی کوردان مسۆگەرکرد و لە کاتی ئێستاشدا ئەو جۆرە ڕوانگەیە هەر درێژەی هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەدیاریکراوی لە باشووری کوردستاندا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کتێب بە زمانی کوردی:**


١. شەمێرانی، ئارام مەجید (٢٠١٤)، پەیوەندی کورد و ئەرمەن و بێتوانی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەن، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢. کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد (٢٠٠٩)، کوردستان یا ئەرمەنستان ملهورەکان یان شەهیدەکان، و، لە فەڕەنسیەوە، نەجاتی عەبدوڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٣. ڕۆژە، مامەند (٢٠٠٨)، ئەرمەنۆساید، سەدەیەک لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤. خەلفین، ن،أ (٢٠١٧)، ململانێ لەسەر کوردستان، و، لە ڕووسیەوە، جەلال تەقی، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی.

٥.عەلیاوەیی، عەبدوڵلا (٢٠١١)، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦.ماکداوڵ، دەیڤد (٢٠١٩)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و، لە فارسییەوە، ئەبوبەکر خۆشناو، چ٣، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٧. سافراستیان، ئارشاک (٢٠٠٥)، کورد و کوردستان، و، لە ئینگلیزییەوە، ئەمین شوان، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨. عوسمان، فارس (٢٠١٠)، کورد و ئەرمەن پێوەندییە مێژووییەکان، و، خالید هەرکی، هەولێر. چ١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری نما زنجیرەی (٨١).

٩. تۆینبی، ئارنۆلد (٢٠٠٨)، جینۆسایدی ئەرمەنییان، و، لە فارسییەوە: د. ئەبووبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، چ،١، سلێمانی.

١٠. بروینسن، مارتین ڤان (٢٠١٤) لە عوسمانیزمەوە بۆسەربەخۆیی، و، لە ئەڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە).

١١. باقی، محەمەد حەمە ( ٢٠٢٢)، کێشمەکێشەی نێوان کورد و ئەرمەن (١٨٧٨ - ١٩١٨)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

١٢. محەمەد، پەیوەند (٢٠٢٣)، یەکەمین لێکترازانی کوردان، چ١، چاپخانەی مێخەک، تاران.

١٣. کینان، درک (١٩٩٩)، کورد و کوردستان، و، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون. سلیمانی.

١٤. پیربال، فەرهاد (٢٠٢٠)، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکان، چ٢، چاپخانەی تاران.

١٥. ئەحمەد، سامان حسێن (٢٠١٦)، زلهێزەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتای جەنگی سارد، چ٢، کتێبخانەی ئارام، چاپخانەی تاران.

١٦. ناوخۆش، سەلام (٢٠١٨)، پرسی کورد لەماوەی کەوتنی عوسمانییەت و گەڕانەوەی عوسمانییەتی نوێ، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.

١٧. بەڕۆژی، دهۆک (٢٠٢٥)، پەیوەندی کورد و ئەرمەن لە نێوان ساڵی ١٩١٤-١٩١٩، چ١، چاپخانەی دانیشقە.

١٨. ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٧٥)، کوردستان لەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد.

١٩. ئەرسلان، حەمید بۆز (٢٠١٢)، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و، لەفارسییەوە، نەجاتی عەبدڵلا، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٠. مەدەنی، حسین ( ٢٠١٨)، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

**به زمانی عەرەبی:**

١. توفيق، هوكر طاهر (٢٠١٤)، الكرد و المسألة الأرمنية ١٨٧٧- ١٩٢٠ دار آراس للطباعة و والنشر، أربيل.
٢. البيضاني، جواد كاظم (٢٠٢١)، ارمينيا في ظل المعاهدات، ارارات للطباعة والنشر الطبعة: الاولى ١٤٤١هـ / ٢٠٢١م، بغداد.
٣. بيداويد، يوحنا (٢٠٢٥) سفر برلك مذابح ومجازر واضطهادات العثمانيين للكلدان والآشوريين والسريان والأرمن (١٩١٤ - ١٩١٨) الطبعة الرابعة، بيروت.

**گۆڤارەکان:**

١. آل فطيح، فاطمة بنت محمد (٢٠٢٣)، إسهام الأكراد في النازعات العثمانية الأرمنية خلال عهد السلطان عبد الحميد الثاني ( ١٢٩٣- ١٣٢٧هـ ، 1876- 1909.م)، مجلة جامعة المهرة، للعلوم الإنسانية، العدد الخامس عشر.
٢. عەبدوڵلا، نەجاتی (٢٠٢١)، قەتڵوعامی ئەرمەن لە دیاربەکر (1895) : وێنە کود لە ڕاپۆرتە دیپلۆماتییەکانی جێگری کونسوڵ فەرەنسا لە دیاربەک گۆستاڤ مێرێ دا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، سلێمانی.
3. Kırca, Ersin (2017). I. Dünya Savaşı Öncesi Doğuda Kürt-Ermeni Mücadelesi, Hükümetin Uygulamaları ve Kürtlerin Hükümete Tepkisi. *Tarih ve Gelecek Dergisi*, *3*(1), 24-56.
4. Mahdi, J.M.M. and Kerob, Y.A. (2023) the Preservation of the Heritage of the Armenian Community in Kurdistan, Iraq, Intergenerationally, CREID Working Paper 21, Coalition for Religious Equality and Inclusive Development, Brighton: Institute of Development Studies.

**چاوپێکەوتنەکان:**

١- خالاتيان، الاب ارتون (٢٠٢٦)، راعى كنيسة الصليب المقدس الارمنى الارثوذكسى فى اربيل،١٧ی کانوونی یەکەم. هەولێر.
٢- بيروسيات. سيڤاك (٢٠٢٦)، احد ابناء طائفة الارمن الارثوذكسى فى اربيل،١٧ی کانوونی یەکەم. هەولێر.
٣- بوغوصيان، تمارا (٢٠٢٦)، عضو اللمبنه الاداريه الطائفة الارمنى الارثوذكسى فى اربيل،١٧ی کانوونی یەکەم. هەولێر.

List of sources:

Books in Kurdish:


1. Shamerani, Aram Majid (2014), Kurdish-Armenian Relations and Kurdish Inability in Armenian Genocide, Vol. 1, Ganj Printing House, Sulaimani.
2. Kurdish Independence Committee (2009), Kurdistan or Armenia, Malhors or Martyrs, and, from French, Najaty Abdullah, published by Zhin Center, Shvan Printing House, Sulaimani.
3. Roja, Mamend (2008), Armenocide, A Century of Kurdish-Armenian Relations, Tişk Printing House, Sulaimani.
4. Khalfin, NA (2017), Conflict over Kurdistan, and, from Russian, Jalal Taqi, Tehran Printing House, Jamil Rojbayani Historical Research Center.
5. Aliawayi, Abdullah (2011), Kurdistan during the Ottoman Empire, Vol. 3, Rojhelat Printing House, Erbil.
6. McDowell, David (2019), Contemporary Kurdish History, and, from Persian, Abubakr Khoshnaw, Vol.3, Awer Publishing House, Erbil.
7. Safrastian, Arshak (2005), Kurds and Kurdistan, and, translated from English, Amin Shuan, vol. 2, Aras Publishing House, Erbil.
8. Osman, Fars (2010), Kurd and Armenian Historical Relations, and Khalid Harki, Erbil. Volume 1, in Nama Intellectual Research Center Publications Series (81).
9. Toynbee, Arnold (2008), The Armenian Genocide, and, from Persian: Dr. Abubakr Khoshnaw, Roon Printing House, Vol. 1, Sulaimani.
10. Bruinsen, Martin van (2014) From Ottomanism to Independence, and, from German: Nader Fathi (Shuana).
11. Baqi, Mohammed Hama (2022), Kurdish and Armenian Conflict (1878-1918), Kurdish Academy, Salahaddin University Printing House, Erbil.
12. Mohammad, Paywand (2023), First Separation of the Kurds, Vol. 1, Mexak Printing House, Tehran.
13. Keenan, Drk (1999), Kurds and Kurdistan, and Abubakr Khoshnaw, Roon Printing House. Sulaimani.
14. Pirbal, Farhad (2020), Kurds in the View of Orientalists, Vol. 2, Tehran Printing House.
15. Ahmad, Saman Hussein (2016), Powers from World War I to the End of the Cold War, Vol. 2, Aram Library, Tehran Printing House.
16. Nawkhosh, Salam (2018), Kurdish Question during the Fall of the Ottoman Empire and the Return of the New Ottoman Empire, Renwen Printing House, Sulaimani.

17. Barozi, Duhok (2025), Kurdish-Armenian Relations between 1914-1919, Vol.
18. Ahmad, Kamal Mazhar (1975), Kurdistan in the years of World War I, Kurdish Information Society Printing House, Baghdad.
19. Arslan, Hamid Boz (2012), History of Contemporary Turkey, and, from Persian, Nejati Abdullah, Vol. 2, Aras Printing House, Erbil.
20. Madani, Hussein (2018), Kurdistan and the Strategy of States, Volume 1, Ch2, Rojhelat Printing House-Erbil.

In Arabic:

1. Tawfiq, Hawkar Tahir (2014), The Kurds and the Armenian Question 1877-1920, Aras Publishing House, Erbil.

2. Al-Baydani, Jawad Kadhim (2021), Armenia Under the Treaties, Ararat Publishing House, First Edition, 1441 AH/2021 CE, Baghdad.

3. Bidawid, Yuhanna (2025), The Ottoman Massacres, Persecutions, and Aggressions Against the Chaldeans, Assyrians, Syriacs, and Armenians (1914-1918), Fourth Edition, Beirut.

Magazines:
1. Al-Fatihah, Fatima bint Muhammad (2023), The role of the Kurds in the Ottoman Armenian conflicts during the reign of Sultan Abdul Hamid II (1293-1327 AH, 1876-1909), Journal of Al-Mahra University, Humanities, Issue Fifty-Ten.
2. Abdullah, Nejati (2021), Armenian Massacre in Diyarbakır (1895): Photocode in Diplomatic Reports of French Deputy Consul in Diyarbakır Gustave Meri, Kurdistan Journal for Strategic Studies, Sulaymaniyah.
3. Kirca, Ersin (2017). I. Dünya Savaşı Öncesi Doğuda Kurt-Ermeni Mücadelesi, Uygulamalari and Kurtlerin Hükümete Tepkisi. History and Genocide, 3(1), 24-56.
4. Mahdi, J.M.M. and Kerob , Y.A. (2023) the Preservation of the Heritage of the Armenian Community in Kurdistan, Iraq, Intergenerationally, CREID Working Paper 21, Coalition for Religious Equality and Inclusive Development, Brighton: Institute of Development Studies.

Interviews:

1- Khalatian, Ab Artun (2026), Pastor of the Armenian Orthodox Holy Cross Church in Erbil, December Erbil.
2- Birusyat. Sivak (2026), One of the Orthodox Armenian Sect in Erbil, December Erbil.
3- Boghousian, Tamara (2026), Member of the Administrative Council of the Orthodox Armenian Sect in Erbil, December Erbil.